حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان
www.roshnbiri.org
khanaywargeran@yahoo.com

By Tomas.A.spragens,jr.
St .martin's press , New York, ١٩٧٦
Translated by Farhang Rajaii, Tehran, ١٩٩٨
Translated by Farshid Sharifi


- تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان
- **نووسینی**: تووماس ئسپراگێنز
- **وەرگێڕانی**: فەرشید شەریفی
- بابەت فەلسەفە
- نەخشە سازی **کومپیوتەر**:نازەنین سالّح
- نەخشە سازی بەرگ:سۆران عەبدولاّ
- زنجیرە:٩٠
- تیراژ:١٢٥٠
- ژمارەی ١٢ی وەزارەتی رۆشنبیری پیّ دراوە
- **چاپ**: **چاپخانەی کارۆ**


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ (نووسەر لەچەند دێڕێکدا) ...............................٦
پێشەکی نووسەر ..........................................................٨

## وتاری یەکەم

**دەسپێك: سیاسەت و تیۆرە سیاسییەکان..............................١١**
ئامانج و ئامراز لە سیاسەتدا ............................................. ١٢
ئامانج و گونجاو بوون لە سیاسەتدا ..................................... ١٧
رەوشەکانی تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان ................................ ٢٦
لۆژیکی ناوەکی لە بەرانبەر لۆژیکی سەرلەنوێ دروست کراودا ....... ٢٩
خوێندنەوەی ئاسەوارە کلاسیکەکان ...................................... ٣٥
تیۆری سیاسی: چوارچێوەیەکی چالاك ..................................... ٤٠

## وتاری دووهەم

**قەیران و بینینی بێنەزمی ................................ ٤٨**
بە کۆمەڵایەتی کردن و رووخاندن ......................................... ٥٢
بینینی بێنەزمی ............................................................ ٦٠
نیکۆلۆمەکیاولی و قەیرانی سەقامگیری (سوبات) ......................... ٦٩
تووماس هۆبس و قەیرانی دەسەڵات ........................................ ٧٢
جۆن لۆك و قەیرانی مەشرووعییەت ........................................ ٧٦
فیلسووفە رۆشنگەرەکان و قەیرانی "رژێمی کۆن" ......................... ٧٩
ئێدمۆندبرێك و قەیرانی شارستانییەت .................................. ٨١
کارڵ مارکس و قەیرانی سیستمی سەرمایەداری ......................... ٨٣
ژان ژاك رۆسۆ و قەیرانی یەکسانی ئاکاری .............................. ٨٦
ئەفلاتوون و قەیرانی دادپەروەری ئەسینایی ............................ ٩٠

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## وتاری سێهەم

**دەس نیــشان کردنــی کێــشە ........................................ ٩٩**
هۆکارەکـــان و چارەســـەرەکان ........................................ ١٠٠
مەسـەلە گـشتییەکان لەبەرانبـەر مەسـەلە تاکەکەسـییەکاندا ......... ١٠٣
هۆکـارە سروشـتییەکان لەبەرانبـەر هۆکـارە دەسـکردەکاندا ............ ١١٣
کێـشەی نـەزانین: توومـاس پـاین لەبەرانبـەر ئیدمۆنـد برێکـدا ....... ١١٩
کێـشەی شەڕاشـۆیی: دەسنیـشان کردنـی ڕەش بینانــە ................. ١٢٢
کێـشەی شەڕاشـۆیی: دەسنیـشان کردنـی گـەش بینانــەتر .............. ١٣٠
دەسنیـشان کردنــە جۆراوجۆرەکـان و دەسنیـشان کردنــە... ........١٤١
مەسـەلەکانیتـری قۆنـاغی دەسنیـشان کـردن ............................ ١٤٦
بارودۆخی سروشتی وەك ئـامرازێکی دەسنیـشان کردنـی هۆکارەکـان ١٥٠
بابەتی دەسنیـشان کـردن لـە دایلـۆگی سیاسـی هاوچـەرخدا ........... ١٥٤

## وتاری چوارەم

**نەزم و خەیاڵ، بنیـات نانـەوەی کۆمەڵـگا ........................ ١٥٨**
هەڵوەشـانەوەو بنیــات نانــەوە ............................................. ١٥٩
کارکردەکـــانی یۆتۆپیـــا ..................................................... ١٦٢
دینــامیزمی بنیــات نانــەوە ................................................ ١٦٥
نۆرمــەکان: مۆدێلــەکانی نــەزم ........................................... ١٦٨
دۆزینــەوە و داهێنــان لـە بنیـات نانـەوەدا ................................ ١٧٠
ڕەهەنـدی وجـوودیی بنیـات نانـەوە ........................................ ١٧٣
جۆرەکـانی بنیـات نانـەوەی تیۆرانــە ...................................... ١٧٦
ئــەفلاتوون و کۆمەڵــگای دادپــەروەر .................................... ١٨٣
بناغەدانـەرانی کۆمەڵـگای ئـەمریکا و "ئـازادی لـەبار" ................ ١٨٨
توومـاس هـۆبس و کۆمەڵـگای ئـەمن ...................................... ١٩٣
ژانژاك ڕۆسـۆ و کۆمەڵــگای ئاکـاری ...................................... ١٩٤

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـەریك فـرۆم و كۆمەڵـگای عاقـڵ ........................................ ١٩٧
كـارڵ مـاركس: دوای شـۆڕش ............................................ ١٩٧
بنیـاتنانـەوە: بـواری مێـژووی و پێوەنـدی هەمیـشەیی ................ ٢٠٢

## وتاری پێنجەم

**ڕێگەچـــارە ................................................... ٢٠٧**
تـەجویزكردنی حەقیقەتـەكان وەك ڕێگەچـارە ......................... ٢٠٨
پێوەنـدی نێـوان "هەیـە" و "دەبـێ" ......................................... ٢١٢
قورسـی و ئـاڵۆزێتی زانیارییـەكان ........................................... ٢١٩
ئاسـۆی تواناییـەكان (قابلییەتـەكان) ........................................ ٢٢٢
ســنووردداربوونی ئیمكاناتــەكان ............................................. ٢٢٤
ســـنوورەكانی "زەروورەت" ................................................. ٢٢٩
واقعییەتــەكان و وەهمــەكان ................................................. ٢٤٠
واقعییەتــە كێــشەسازەكان ................................................... ٢٥٠
بەرنامــەوپلان و ئەولەوییەتــەكان .......................................... ٢٥٦
پێـشنیارەكان وەك بیروڕاگـەلی دوورئەنـدێش ........................ ٢٥٩

## وتاری شەشەم

**ئەنجامگیری: تـێڕوانـین، ڕێگەچارە و باشـترین زانـست ....... ٢٦١**
توێژینــەوەی تیۆرانــە ........................................................ ٢٦١
مۆدێلـــەكان .................................................................. ٢٦٦
باشــترین زانــست ............................................................ ٢٧١
"تـێڕوانـین دەرمـانی" و عـەقڵیكردەیـی .............................. ٢٧٥

---

سـەبارەت بـە كەسایەتی و هەنـدێ ڕووداو و كتێـب و.... ............. ٢٨٠
وشـــەوزاراوەكان ............................................................. ٢٩٠
سەرچـــاوەكان ................................................................ ٢٩٨

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**شکستێکی دڵتەزێن، هاریکاری کۆمەڵایەتی یان جەنگ، پێشکەوتن یان لێکهەڵوەشانەوە. تیۆرسیەنی سیاسی بەخستنەڕووی وێنایەکی گشتی لە سیاسەت، ئەو توانایيە بە ئینسان ئەدات کە بزانێت کامیەك لە دەزگاکان و رەفتارە سیاسییەکانی، وێرانگەر، ناکامڵ، ئەحمەقانە، یان نالۆژیکین. بۆ نموونە، ئەرەستوو ئەوە پیشان ئەدات کە هەرکاتێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی کۆمەڵگایەك، هەندێ یاسای ئەساسی بۆ دابرێژرێت، ئەگەرێکی زۆر لە ئارادایە کە ئەو کۆمەڵگایە شکست بخوات. ئەفلاتوون "تعدیل" نەکردنی هەواو داخوازە نەفسانییەکان، بەشتێکی مەترسیدار لە قەڵەم ئەدات. هۆبس کێشەکانی پێڕەوی کردنی ئەو داخوازە ئەحمەقانانە پیشان ئەدات کە بیر لەو کارەساتانە ناکەنەوە کە رەنگە دواجار لێیان بکەونەوە، مارکس نالۆژیکی بوونی "کالاپەرستی" روون دەکاتەوە، وەسەرەنجام مەدیسۆن ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەگەر حکوومەت بە تاکێك بسپێردرێت، چ ئاکامگەلێکی خراپی لێدەبێتەوە. تیۆری سیاسی، بە لەبەرچاوگرتنی زەمینەی گشتی پێداویستییەکان و تواناییەکانی مرۆڤ ـــ کە پێش هەمووشتێك لە سیاسەتەوە سەرچاوە دەگرن ـــ بوار بۆ ئەوە ئەڕەخسێنێت کە کاروبار و هەروەها پلەوپایە سیاسییەکان بە شێوەیەکی عاقلانە داوەرییان لەسەربکرێت. هەروەها دیدگایەك دێنێتە ئاراوە تا لە رێگای ئەو دیدگایەوە، بزانین چی ئەکەین و کارەکانمان چۆنن؟**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم هەوڵ و تەقەلایە ــ یان بەوتەی لیپمەن "تێگەیشتن لە بێ نەزمییە روولەزیادبوونەکانی کۆمەڵگا"ــ تا رادەیەك رەهەندێکی گرینگی وجوودیشی هەیە. هەموو تیۆرسیەنێك لەناوژیان و رۆحیدا، بێنەزمی تاقیئەکاتەوە. ئەوە ڕاستە کە قەیرانەکە "لەدەرەوەی ئەو" دایە، بەڵام کاریگەری لەسەر دەروونیشی دادەنێت. قەیرانە کۆمەڵاییەتییەکان، تەعادولی دەروونی ئینسانە قەیران لێدراوەکان تێك ئەدەن. هەروەك "سوزان لانگر" دەڵێ: هەر کات بە هۆی گۆڕانکارییە سەرسووڕهێنەرەکانی جیهانی دەرەوە و هەروەها نەزمی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستە دەروونییەکانی ئێمەش گۆڕانیان بەسەردادێت، ئینسان کۆنترۆڵی خۆی لە دەست ئەداو باوەڕەکان سست و لاواز ئەبن و لەم رێڕەوەدا ئامانجە پراکتیکییەکانی ژیانی فەرامۆش ئەکرێن.

لەو روەوە کە رۆحی ئینسان بە تەواوەتی تێکەڵی کردەوەو سەرمەشقەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی بووە، رەنگە بشێوییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە شێوەی شڵەژاوێتییەکی ئیحساسی و هەروەها پەرێشانحاڵییەکی تاکەکەسییەوە دەربکەون. لەوانەیە تیۆرسیەنی سیاسی، بە هۆی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان و لەناوبردنی بنچینەی رەنج و ئازارە رۆحییەکانی خۆی، ناچار بێت بە قووڵی بیر لە مەسەلەکانی کۆمەڵگای سیاسی بکاتەوە. بۆ نموونە رۆسۆ لە کتێبی "**ئیعترافات**"دا باس لەوە دەکا کە چۆن دڵەڕاوکێ تاکەکەسییەکانی، کاریگەرییان لەسەر تیۆرەسیاسییەکانی داناوە. جان ئیستورات میل، لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لـــە لایـــەکی تـــرەوە تێورســـیەنە مـــەحافیزەکارەکان، شـــێوە دەسنیشان کردنی رادیکاڵەکان بەشتێکی سادەو کەم ئەرزش و گومڕاکەر لـەقەڵـەم ئـەدەن. بـەبیروڕای ئـەوان، خـستنی کێـشە تاکەکەسیەکان بـە ئەسـتۆی کۆمـەڵگا، چ لـە رووی ئاکـاری و چ لـە رووی فکرییـەوە کـارێکی ناڕەوایـــە. ئـــەم رەوشـــە لـــە رووی فکرییـــەوە هەڵەیـــە، چـــوونکە لێکدانەوەیەکی نادروست و ئاسایی سەبارەت بـە رۆحـی ئینـسان بەدسـتە ئـەدات، هـەروەها لـە رووی ئاکاریـشەوە هەڵەیـە چوونکە تـاك، کۆمـەڵگا ئـەگۆڕێت بـە ئامرازێـك کـە هەڵـەکانی دەخاتـە ئەسـتۆی. هەنـدێ لـە پێکادانە کلاسیکەکانی تیۆرسیەنە سیاسییەکان لـە تـەوەری دەسـنیـشان کردنی هۆکارەکاندا دەخولێنەوە.

## کێشەی نەزانین: تووماس پاین لە بەرانبەر ئیدمۆند برێک دا

بۆ نموونە، لە دوایین ساڵەکانی سەدەی هەژدەهەمدا (سـەردەمی شۆڕشـــەکانی فەرەنـــسە و ئـــەمریکا کێشەکێـــشێکی گـــەورە لـــە نێـــوان دووتیۆڕوانینی جیـاوازی ئـەو سـەردەمە هاتـە ئـاراوە. ئیدمۆنـدبرێك، لـە کتێبەکەیدا بە ناوی "**هەندێ تێڕامان سەبارەت بەشۆڕشی فەرەنـسە**" ـــ هـەروەك لـە وتـاری پێـشوودا باسمـان کـرد ـــ لیبرالیزمـی سـەردەمی رۆشنگەری، بەهۆکاری فەیرانی سیاسـی فەرەنـسە لـەقەڵـەم دا و هێرشـی کـردە سـەر توومـاس پـاین کـە ترسـی هێرشـەکانی برێـك دایگرتبـوو، لـە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بـۆ نموونــە ئەرەســتوو لــەوباوەڕەدابوو کــە"سرووشــت" لــە بنەڕەتدا رێکوپێك و یەکپارچەیە. ئینسان دەتوانێت تەنانەت بەشتێکی "عەقلانی"شی لە قەڵەم بدات واتە؛ "دیاردەیەکی بە ئامانج". ئەو دەڵێ "هــەر چــییەك کــە بــە هــۆی سرووشــتەوە بەرهــەم بهێنرێــت ناتوانێــت شتێکی نارێکوپێك بێـت چـوونکە سرووشـت هەمیـشە بەرهـەم هێنـەری نەزم و رێکوپێکییە. ئەم پرەنـسیبە سـەرەکییە سـەبارەت بـە سرووشـتی ئینسانیش راستی لەخۆدەگرێ.**

**بـە پێـی لێکدانەوەکـەی ئەرەسـتوو، ئینـسان بوونەوەرێکـە کـە دایمــە هــەوڵ ئــەدات بــۆبەدەســت هێنــانی ســەرکەوتن و گەیــشتن بــە تــەکامووڵ. "سروشــت" داواکارییــەکانی مرۆڤــی بــەرەو "باشــتر بــوون" بــردووە. ئەرەســتوو لــەوباوەڕەدابوو کــە "هــەموو ئینــسانەکان بــەم تەســەورەوە دەژیــن کــە هــەموو چــالاکییەکانیان بــۆ بەدەســت هێنــانی "فەزەیلەت"ە. فەزیلەتە چاکەکانی مرۆڤ، بەرهەمی عـادەت و راهێنانـەو هــەر بۆیــە پێویــستی بــەفێرکــردن و راهێنــان هەیــە. تــەڵقین کردنــی فەزیلەت ــ هەروەها رەفتاری شارستانی ــ وەك فرۆیـد و هـۆبس باسـیان دەکـرد بـە مەبەسـتی رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئیحـساسە سرووشـتییە دژەکۆمەڵایەتییــەکان نییــە، چــوونکە فەزیلــەتی ئاکــاری نەبــە هــۆی سرووشتەوە و نـەبۆ بـەرەنگاری کردنـی سرووشـتیش لـە مرۆڤـدا هاتۆتـە ئاراوە، بەڵکوو بواری بۆ گەشە کردنی مرۆڤ رەخساندووە.**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـەو نموونانـەی کـە لـە قۆنـاغی دەسنیـشان کردنـی تیـۆرە سیاسییەکاندا باسمان لێکردن، ئەوە پیشان ئەدەن کە چۆن تـێگەیـشتنی هزرمەندان سەبارەت بە فیترەتی ئینسان ــ بەڕەوشـێك کـە هەنـدێجار بە "ئینسان ناسـی فەلسەفی" نـاودێر ئـەکرێت ـــ تیـۆرە سیاسـییەکانیان پێـك ئـەهێنێت. قـسە بەناوبانگەکـەی مەدیـسۆن لـە کتـێبی "وتارگـەلی فدرالیـست" (The Fedralist Papers)دا، ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە "حکوومەت خۆیلەخۆیدا هیچ نییە جگە لە باڵاترین نموونەی فیترەتـی ئینسانی". هەر لێـدوانێك سـەبارەت بـە "یۆتۆپیـا" راسـتەوخۆ پێوەنـدی هەیە بە بیروڕاکانی ئینسانەوە سـەبارەت بـە سروشـتی مـرۆڤ و هـەروەها مەیلە سەرەکییەکان و قابلییەتەکانی هـەموو ئینـسانەکان لـەم زەمینـەدا باوەڕگـەلی تایبـەت بـە خۆیانیـان هەیـە، بـەڵام بەشـێکی زۆری خـەڵك، ئاگاییـەکی تـەواویان لـێنییـە. ئەڵبەتـە ئـەو تیۆرسـیەنە سیاسـییەی کـە بــەدوای دەسنیــشان کردنـــی هۆکارەکــانی بــشێوی دایـــە، ناچـــارە کـەتێگەیـشتنی خـۆی سـەبارەت بـە سروشـتی ئینـسان، بەوردبینییـەکی زیاترەوە زانستیانەتر بکات. لـە ئەفلاتوونـەوە تامارکۆزە ــ واتـە لـە٤٠٠ ساڵ پێش لە زایینـەوە تائـەم سـەردەمەی ئێـستا ــ تیـۆرە سیاسـییەکانی هەموو هزرمەندان هەوڵیان داوە لـە لایەنـە بـزۆز (چالاك)ەکـانی رۆحـی ئینـسان تـێبگـەن. لـە بـواری چارەسـەر کردنـی بـشێوییە سیاسـییەکاندا حەتمەن دەبێ "سروشتی ئینسان" لەبەرچاو بگیردرێت.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# کارکردەکانی یۆتۆپیا

تەسەور کردنی ئەو شتەی کە دەتوانێ هەبێت، یەکێك لەتوخمەکانی تیۆرە سیاسییەکانە کە پێوەندی بە یۆتۆپیاوە هەیە. وشەی یۆتۆپیا ریشەی یۆنانی هەیە و بەمانای "هیچ کوێ"یە. کۆمەڵگای لەبارو رێكوپێك جگە لەخەیاڵی هزرمەندا لە هیچ شوێنێکی تردا بەرچاو ناکەوێت. ئەم کۆمەڵگایە تەنها وەکوو "ئەگەرێك" بوونی هەیە. رەنگە جیلوەیەکیش لە ئایندە بێت. رەنگە وێنایەك بێت لە بەهەشتی بەرین، بەڵام ئەوەی راستی بێت ئێستا و لەسەر زەویدا وجوودی نییە.

ئەفلاتوون لە کۆتایی کتێبی کۆماردا ئاماژەیەك بەو مەسەلەیە دەکات. یەکێك لە هاورێ لاوەکانی سوقرات، کۆمەڵگای کۆماری بە کۆمەڵگایەك لە قەڵەم ئەدات کە تەنیا لەدنیای زەین و وانەو پۆلەکاندا بوونی هەیە. چوونکە پێم‌وایە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا بوونی نییە. سوقرات بەمجۆرە وەڵامی ئەداتەوە: راستە، بەڵام رەنگە لە بەهەشتدا نموونەیەکی ئەو کۆمەڵگایە هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ چاویان پێ‌بکەوێت و لە زەینیاندا وێنای بکەن.

ئەڵبەتە ئەوە کە تیۆرسیەن لە قۆناغی بنیات نانەوەی لێکۆڵینەوەکانیدا دەبێ کەڵك لە زەینی خۆی وەربگرێت، بەو مانایە نییە کە تەنیا ئینسانێکی خەیاڵاوی و خەون گەرایە. ئەو بۆی نییە کە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**خۆی لە شتێکەوە بگوێزێتەوە بۆ شتێکی تر. هەروەها دەتوانێ بەئاشکرا ئاوڕ لە شتێك بداتەوە کە سەرنجی رادەکێشێ. زۆربەی کات ئەو جۆرە حاڵەتانە، هەم پێویستن و هەمیش بەکەڵکن. لە حاڵەتی ئاساییدا یاریزانێکی پینگ‌پۆنگ، ئاگای لە دەستەی راکێتەکەی نییە. ئەگەر وابێت لەو حاڵەتەدا ئاگای لە تۆپەکە نابێ. بەلام ئەگەر هەندێ جار لەکاتی یاری کردندا کێشەیەك بێتە ئاراوە، دەبێ سەرنج بداتە جۆری بەدەستەوەگرتنی راکێتەکە.**

**بنیات نانەوەی خەیاڵیی کۆمەڵگا لە لایەن تیۆرسیەنی سیاسییەوە دەتوانرێ بە گۆڕانکارییەکی سیستماتیکی لەو جۆرە (لەگشتەوە بۆبەش) لە قەڵەم بدرێت. تیۆرسیەن ئەوە ئەزانێت کە بۆ تێگەیشتنی هەندێ لە بێ نەزمییەکانی سیستمی سیاسی، دەبێ پشت بەجۆرە نەزمێکەوە ببەستێت و رەنگە بە تەواوەتیش ئاگای لەو جۆرە نەزمە نەبێت. لە راستیدا لەوانەیە ئەو وێنایەی کە لەسەر نەزم ئەیخاتەڕوو، رۆڵێکی گرینگ و ناڕاستەوخۆی لە تێڕوانینی ئەو سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی بینیبێت. بەلام سەرەنجام ناچارە دان بە گرنگایەتی ئەو رۆڵەشدا بنێت، کە تا چەند کاریگەرێتی لەسەر تێڕوانینە رەخنەییانەکەی هەبوە. ئەو بۆ کامڵکردنی تیۆرەکەی خۆی، دەبێ سەرنجێکی زۆربدات بەو جۆرە نەزمە ئینسانییەی کە بناغەی تێڕوانینەکانی ئەویان پێكهێناوەو لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی بەزانستی کردنی بدات.**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیهانـــەوە دەکـــات. تـــەنها ئینـــسانێکی بـــێ مێـــشك و نـــەفام لـــە بۆشـایی"خـــلاء "دا، پاسـاو بـۆ کـردەوە ئاکارییـەکانی دێنێتـەوە. کـاتێ کەسـێك ئـەمرێکمان بەسـەرا ئـەکات و داوایـەکمان لـێئـەکات، ئێمـەش پرسـیار لـە هۆیەکـەی ئەکـەین. ئـەو وەڵامانـەش کـە دەدرێنـەوە، دەبـێ لەسـەر بنـەمای واقعییەتەکانـەوە راوەسـتابن. بـۆ نموونـە "لەسـەر ئـەو هێڵی ئاسنەوە هەستەوە!". "بۆچی؟". "چوونکە ئێستا شـەمەندەفەری پێـدا دەڕوا". ئـەو روونکردنەوانـەی کـە لـە واقعییەتـەکانی ژیانـەوە سەرچـاوە بگـرن، جـێبـەجێ کردنـی هـەموو ئـەمرو داواکارییـەك مـسۆگەردەکەن و لەگـەڵ ئەوەشـدا مانایـان پـێ دەبەخـشن. بـە بـێپـشت بەستن بەواقعییەتەکانەوە، رستە "ئەمری"یەکان هیچ مانایەکیان نابێت و ناعـەقلانیش دەنـوێنن. بـۆ نموونـە، "لەسـەر ئـەو هێڵـی ئاسـنەوە هەسـتە!". "بۆچی؟". "چوونکە مـن دەڵـێم!". "تـۆ کێیـت؟" تـەنها لـە جیهانی دەسکردی زەینی کەسـانی وەك لـویس کـارۆڵ و فـرانتس کافکـادا، خستنەڕووی رێگەچارەکان، پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە و روونکردنەوە نییـە. لـەو دنیـا واقعییـەدا کـە خـەڵکی تیـادەژی، ئەگـەر هـەموو شـتێك عاقلانـە بێـت، رێگەچـارە پێـشنیار کراوەکـان دەبـێ لەسـەر بناغـەی حەقیقەتەوە دامەزرابن.

تەنانەت سادەترین رستەش سەبارەت بـە حەقیقەتـەکان، جۆرە تەجویزکردنێکی شاراوەشی تیایە. بۆ نموونە کاتێ کەسێك دەڵـێ "ئـەوە کورسییە" لە راستیدا دەیەوێ ئەوە بڵێ کە ناتوانین چێشتی پێ دروست

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حاڵەتێکی سیاسی پێچەوانەی ئەو پێوەندییەی نێوان مرۆڤ و ئازادیش ــ واتە دیکتاتۆرییەت و حوکمڕانی ملهۆڕانە بەسەر ئەوانی تردا ــ لەگەڵ تایبەتمەندی و سیفەتەکانی ئینسانی راستەقینەدا یەك ناگرنەوە. ئینسانی دیکتاتۆر لە بارودۆخێکدایە کە هەموو خەسڵەتە مرۆییەکانی لەدەست داوە و وەك گورگێکی لێهاتووە.

ئەگەر قسەکانی ئەفلاتوون و رۆسۆ راست بن، پێداویستییەکانی فیترەتی مرۆڤ، هەندێ لە سیستمە سیاسییەکان بە مەشرووع و هەندێکی تریان بەنامەشرووع بە ئەژمار دێنن. ئەگەر کەسێك دەیەوێ ئینسان بێت، دەبێ نە "کۆیلە" بێت، نە "دیکتاتۆر". ئەڵبەتە ئەگەر کەسێك ناخوازێ ئینسان بێت، ئەی دەیەوێ چی بێت؟ لە راستیدا دەکرێ چی بین؟

## واقعییەتەکان و وەهمەکان

تیۆرە سیاسییەکان لەسەر بنەمای "حوکمە راستەقینەکان"یش پێشنیارگەلێکی گرینگ ئاراستە دەکەن. ئەگەر لەکۆمەڵگایەکی رێك و پێکدا، زەرورەتەکان وەك عەرز (بەر)ی ناوماڵ و ئیمکاناتەکانیش وەك سەقفەکەی وابن؛ واقعییەتەکانیش حەتمەن وەك دیوارەکانی وان.

لە سادەترین ئاستدا دەسنیشان کردنی واقعییەت لە ناواقعییەت کارێکی سەخت نییە. بۆ نموونە سەلماندنی دروستی و نادروستی ئەم قسانە "چوار سێو لەسەر مێزەکەدان" یان "ئەوانە بایی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دۆمستێر**: De Maistre فیلسووفی فەرەنسی و نەیاری سەرسەختی شۆڕشی فەرەنسە و دەسکەوتەکانی.

**داروین**: Darwin پزیشك و سروشت ناسی بەریتانی. "بنەڕەتی جۆرەکان" (اصل انواع) لە کتێبەکانیەتی (١٧٣١-١٨٠٢)

**دێکارت**: Descartes رێنە. فیلسووف و ماتماتیك زانی فەرەنسی (١٥٩٦-١٦٥٠)

**دیۆنۆسیۆس**: یان "دیۆنۆسیۆسی وڵات" (٤٣٠-٣٦٧ پ.ز) دیکتاتۆری شاری سیراکوز، لە بنەماڵەیەکی پلەخواردا هاتە دنیاو دوایی چوە ناوسیاسەتەوەو داکۆکی لە چینی هەژار دەکرد و پاشان دەسەڵاتی گرتە دەست (٤٠٠پ.ز) پاشان هاوڕێکانی لەناوبردو گۆڕا بە دیکتاتۆرێکی تەواو

**رۆسۆ**: Rousseau ژان ژاك. فیلسووف و نووسەری فەرەنسی (١٧١٢-١٧٧٨) "ئیمێل" لە کتێبەکانیەتی کە سەبارەتە بە راهێنان و پەروەردەی مناڵان و مێرمناڵان.

**رێکاردۆ**: Ricardo دەیوید. ئابووری زانی بەریتانی (١٧٧٢-١٨٢٣)

**ریچارد هۆکر**: Richard Hooked (١٥٨٦-١٦٤٧) خواپەرستی بەریتانی.

**سنسیمۆن**: Saint-Simon فیلسووف بیرمەندی فەرەنسی (١٧٦٠-١٨٢٥) پێشەوای قوتابخانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی "سنسیمۆنییەکان"بوو.

**سوورل**: Sorel ژۆرژ. فیلسووفی فەرەنسی (١٨٤٧-١٩٢٢)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# واژەنامە

| ئینگلیزی | فارسي | کوردی |
|---|---|---|
| Industrialeconomy | اقتصاد صنعتي | ئابووری پیشەسازی |
| Social level | سطح اجتماعي | ئاستی کۆمەڵایەتی |
| Moral - ethics | اخلاق | ئاکار |
| Idealism | آرمانگرايي | ئامانجخوازی ـ ئایدیالیزم |
| Ideal | آرمان | ئایدیال، ئامانج |
| Value | ارزش | ئەرزش، بەها |
| Absolute Value | ارزش | ئەرزشیرەها |
| Gentry | اعيان - اشراف | ئەریستۆکرات |
| Reasoning | استدلال | ئیستدلال |
| Will | اراده | ئیرادە |
| Homo-politicus | انسان سياسي | ئینسانی سیاسی |
| | | |
| Life conditions | شرايط زندگي | بارودۆخی ژیان |
| Social condition | اوضاع اجتماعي | باردۆخی کۆمەڵایەتی |
| Chaos | آشفتگي، نابساماني | بشێوی |
| Movement | نهضت | بزاڤ |
| Archetype | عالي ـ متعالي | باڵا |
| Potential | بالقوّه | بالقوە |
| Variable | متغّير | بگۆڕ |
| Class interests | منافع طبقه اي | بەرژەوەندییە چینایەتییەکان |
| Production | توليد | بەرهەم هێنان |
| Alienation from self | بيگانگي با خود | بەخۆ نامۆبوون |
| Actualization | تحقق يافتن | بەدیهاتن |
| Institutionalazation | نهادي كردن | بەدەزگاییکردن |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | |
|---|---|---|
| Concentration | تراكم | چڕێتی |
| Abstract concept | مفهوم انتزاعي | چەمکی ئەبستراکت |
| exploit | استثمار | چەوساندنەوە |
| Social Stratum | قشر اجتماعي | چینی کۆمەڵایەتی |
| Essence | ماهيت | چییەتی |
| | | |
| Inevitable | اجتناب ناپذير | حاشا هەڵنەگر ـ حەتمی |
| Absolute | حقيقت مطلق | حەقیقەتی ڕەها |
| Absolulism | حكومت استبدادي | حکوومەتی دیکتاتۆری |
| | | |
| Sabotage - criminality | خرابكاري – ويرانگري | خراپکاری ـ ئاژاوەنانەوە |
| Prejudices | خرافات | خورافات |
| ego | خود | خود |
| Plebs | عامة مردم | خەڵکی ڕەمەکی |
| rabble | عوام – تودة مردم | خەڵکی ڕەمەکی |
| dreamer | خيالي – رؤيايي | خەیاڵی |
| Tribe | قبيله | خێڵ |
| | | |
| Mores | آداب و رسوم | داب و نەریت |
| Tendency | گرايش | داگەڕان |
| Dicastes | داور – قاضي | دادوەر |
| Creation | آفرينش | داهێنان |
| creative | خلاق – آفريننده | داهێنەران |
| Invention | اختراع | داهێنان |
| Contras | تضاد | دژایەتی |
| Contradiction | تناقض | دژوازی |
| Antisocial | ضد اجتماعي | دژە کۆمەڵایەتی |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | |
|---|---|---|
| Psychologism | روانكاوي | دەروون شیكاری |
| Institution | نهاد | دەزگا |
| Authority | اقتدار | دەسەڵات |
| Sovereignty | حاكميت | دەسەڵاتداریّتی |
| Intervention | مداخله | دەستێوەردان |
| Absolute power | قدرت مطلق | دەسەڵاتیرەها |
| Authoritarian | تسلط طلب – سلطه جو | دەسەڵات خواز، داگیرگەر |
| diagnosis | تشخيص | دەس نیشان كردن |
| Phenomenon | پديده | دیاردە |
| diagnosis | تشخيص | دەسنیشان كردن |
| | | |
| Stagnation | ركود | راوەستان ـ وەستان |
| Publicopinion | افكار عمومي | رای گشتی |
| Legitimite | مشروعيت | رەوا بوون |
| Relativity | نسبيت | رێژەیی بوون |
| Intelligentsia | روشنفكران | رۆشنبیران |
| intellectual | روشنفكر | رۆشنبیر |
| Usage | رفتار رايج | رەفتاری باو |
| Structuration | سازماندهي | رێكخستن |
| Social communication | رفتار اجتماعي | رەفتاری كۆمەڵایەتی |
| Reformism | اصلاح طلبي | ریفۆرم خوازی |
| Race | نژاد | رەگەز |
| Proportional | نسبي | رێژەیی |
| restraint | مانع | رێگر ـ لەمپەر |
| Social organization | سازمان اجتماعي | رێكخراوی كۆمەڵایەتی |
| Socialhierarchy | سلسله مراتب اجتماعي | زەنجیرە پلە و پایەی كۆمەڵایەتی |
| Natality | زاد و ولد | زاوزێ |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | |
|---|---|---|
| Necessity | ضرورت ـ لزوم | زەروورەت |
| Historical | ضرورت تاريخي | زەروورەتی مێژوویی |
| objective | ضرورت عيني | زەروورەتی عەینی |
| | | |
| İnfra-structure | زيرساخت ـ شالوده | ژێرخان |
| | | |
| Aesthetics | زيبايي شناسي | ستاتیك |
| Diplomat | ديپلمات | سیاسەتمەدار |
| flop | ضعف ـ سستي | سستی |
| Demostration | اثبات كردن | سەلماندن |
| Stabilization | تثبيت | سەقامگیرکردن |
| Pattern | الگو | سەرمەشق |
| Syndicate | صنف | سەندیکا |
| Repression | سركوب | سەرکوت کردن |
| | | |
| Industrial revolution | انقلاب صنعتي | شۆڕشی پیشەسازی |
| Abequacy | شايستگي ـ لياقت | شایستەیی ـ لێهاتوویی |
| | مضمر | شاراوە |
| Aggressiveness | پرخاشگري | شەڕاشۆیی ـ شەڕەنگێزی |
| Aggressive | پرخاشگر | شەڕاشۆ |
| Comba ativeness | جنگ طلبي | شەڕخوازی |
| Civilization | تمدن ـ مدنيت | شارستانییەت |
| | | |
| Affective | عاطفي | عاتیفی، سۆزاوی |
| rational | بخردانه ـ عاقلانه | عەقلانی |
| | | |
| Abondance | وفور ـ فراواني | فراوانی |
| pluralism | كثرت ـ كثرت گرايي | فرەچەشنی |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | |
|---|---|---|
| | کوره راه | |
| Social deviation | انحراف اجتماعي | لادانی کۆمەڵایەتی |
| Configuration | هیأت - انجمن | لیژنە |
| | | |
| Survie | بقاء | مانەوە |
| Class struggle | مبارزة طبقاتي | ململانێی چینایەتی |
| Authoritative | جبّار – ظالم | ملهۆڕ |
| Affection | انگیزه | مەیل |
| concervatism | محافظه کاري | مەحافیزەکاری |
| Method | روش | میتۆد، ڕەوش |
| | | |
| Heterogeneity | ناهمگوني | ناهاوچەشنی |
| Alienation | بیگانه شدن | نامۆبوون |
| Hon-pussumus | ناممکن | نامومکین |
| Elite | سرآمد، برگزیده | نوخبە |
| nation | ملّت | نەتەوە |
| Social order | نظم اجتماعي | نەزمی کۆمەڵایەتی |
| Norm – Normative | هنجار – هنجاري | نۆرم ـ نۆرماتیڤ |
| | | |
| Dependency | وابستگي | وابەستەیی |
| Absolute reality | واقعيّت مطلق | واقعییەتیڕەها |
| realist | واقعگرا | واقیع گەرا |
| Class consciousneess | آگاهي طبقاتي | وشیاری چینایەتی |
| change | دگرگوني، تحول | وەرگۆڕان |
| Rotation | چرخش | وەرچەرخان |
| affinity | شباهت | وێکچوون |
| | | |
| Homogeneity | همگوني | هاوچەشنی |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

